








# جیفارا دەگەڕێتەوە پۆلیفیا

عەلی مەحمود محەمەد 2-1 -2006

هەموو جیهان به تێرامانەوە گوێبیستی هەواڵی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی پۆلیفیا بوون , دژەکان هەر لە جۆرج بۆشەوە نیگەرانی خۆیان دەربڕی , دۆستانیش بە خاڵی وەچەرخانییان زانی لە بزاڤی چەپ لە ئەمەریکای لاتین و جیهان , تەنها ڕاگەیاندنی کوردییە بە چاك و بە خراپ هیچیان لەسەر نە نووسی , دیارە ئەم کۆمەڵگەیە چەپ و ڕاستی تێدا نییە ؟, دەنا دەبوایا هەڵوێستێك ببوایا , ئەز 4 ساڵ لەوپێش لە نوسینێکدا چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە بووم , ئەم مرۆڤە تێکۆشەرە هەڵگری کولتوری جیفارایزم , کلتوری سادەیی و دڵسۆزی بۆ جەماوەر لە ڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە , پەیامەکەی جیفارا لە پۆلیڤیا بگەیەنێت بە ئەنجام .

## مۆرالیس تۆڵەی جیفارا دەکاتەوە

ولآتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا , جیفارای سەدەی **21** لە مۆرالیسدا دەبینێتەوە ( **خدمة مورالیس بولیفیا - 28 - 12 - 2005** ) . ترسی ئەوەی هەیە ڕۆڵی جیفارا بگێرێت لە یەکخستنی چەپ لە ئەمەریکای لاتین .

چاودێران لە نێوان جیفاراو مۆرالیس لێکچوون دەبینن , لە سادەیی و شۆڕشگێڕی , پرسیارێك لای هەموویان بەردەوام لەسەر زارە , ئەویش ئەمەیە , ئایا دەبێتە جیفارای ئەمەریکای لاتین ؟؟ . وەك بینیمان ڕوحیانەتی جیفارا لە ڕاپەڕین و هەڵبژاردنەکان بۆلیفیا ئامادە بوو , وێنەو پۆستەرەکانی جیفارا شەقامەکانی بۆلیفیای داگرتبوو , لە چاو پێکەوتنێك لەگەڵ ڕۆژنامەی نیورك تایمز مۆرالیس وتی : جیفارا لە ڕیزی هەژاران و چەوساوەکان بوو , لە پێناو خۆشگوزەرانی هەژاران تێکۆشا , منیش یەکێکم لەوانە (**جیفارا عادة افتحوا ابواب - سلام صادق ) .**

بەرازیل لەو کاتەی جیفارا شەهید بوو , ناپاڵمی دەدا بەپۆلیفیا بۆ سەرکووتی گەریلاکان ( لیمۆندە دیپلۆماتیك – ریتشارد عون ) , بەلآم ئێستا لەهەردو ولآت چەپ دەسەلآتدارە , هاوکاری یەکتر دەکەن , ئەمەیە گۆڕانکاری ئەم **20** ساڵە لە ئەمەریکای لاتین .

جیفارا لە گوندی فالغراند شەهید کرا , مۆرالیسیش لە گوندی چەپەری دەنگ دەدات , ئەمە چ لەیەك چونێکە , ئایا دەبێت مۆرالیس تۆڵەی جیفارا نەکاتەوە ؟ , بۆیە دەڵێم جیفارا گەڕایەوە بۆ بۆلیفیا دەرگا بخەنە سەر پشت , بەڕێوەیە بە سەری ڕوت و بەرگی دڕاوییەوە بۆ لای ئێمەش دێت .

## جیفارا بۆ پۆلیفیای هەڵبژارد ؟

ئایا بەرێکەوت بوو جیفارا پۆلیڤییای هەڵبژارد لە قۆناغی دووەمی شۆڕشە بەردەوامەکەی لە ئەمەریکای لاتین ؟؟؟ , زۆرێك دوای مەرگی جیفارا هەڵبژاردنی پۆلیڤایان لە لایەن جیفاراوە بە هەڵە زانی , ئاخر ئەوانە یان شارەزای مێژوو نەبوون , یان خوێندنەوەی قولییان نەبوو بۆ ئاستی ئامادەیی هەژارانی پۆلیڤیا بۆ ڕزگار بوون لە چەوساندنەوە . جیفارا خەباتە چەکدارییەکەی بە هاوکاری سیای ئەمەریکی لە ماوەیەکی کورتدا سەرکونکراو تێکشکا , بە مەرگی خۆی کۆتایی هات . ئەو خەونەی بە کرێکارانی کانەکانی قەسدیر و هندییە سورەکانەوە بەستبووەوە لەو کاتەدا هیچی لێ شین نەبوو , لەگەڵ مەرگی ئەودا شۆڕشی چەکداریش هەرەسی هێنا , بەلآم ئەوەتە دوای **39** ساڵ لەمەرگی جیفارا , لە هەموو کوچەو کۆلآنێکی لابازدا جیڤارا لە پێشەوەی جەماوەرەوە ئامادەیە, لە زۆری سەری هەموو ماڵە بێ سفرەکانەوە هەڵواسراوە , لە ژێر سەرینی هەموو دڵدارەکان دەست لە ملییان خەوتووە .

جیڤارا هەرچەندە لە بزووتنەوەکەی تێك شکا , بەلآم کاریگەری زۆری لە سەر جوتیارانی ناوچەی هەڵسوڕانی کرد , ئەمڕۆ وەك مەسیحێك لەو هەرێمانە سەیر دە کرێت خەباتی چەکداری تێدا ئەنجام دا .

لەیاداشتەکانی پۆلیڤیا کە لە نێوان ساڵەکانی **7-11-1966 – 7-10-1967** نوسیوییەتی , تیایدا نیگەرانی خۆی بەرامبەر کرێکارەکانی قەسدیر دەربڕیوە , کە بە ئەنجامدانی شۆڕش هەڵنەستاون , هەرچەندە لە ریزەکانییان پارتی کۆمۆنیستی پۆلیڤیا زۆر چالاك بوو, ڕاپەڕینی ئەوان لەو سەروبەندەدا

کاری لەسەر وورەی گەریلاکان دەکرد , ئەگەری گۆڕینی پارسەنگی هێزەکان لە ئارادا هەبوو بە قازانجی گەریلاکان , کە جیڤارا بەشێك لە خەونەکانی لەسەر بنیات نابوو .

لە بەرواری **8-10-1967** زیاتر لە **1500** چەکداری ڕژێم بە هاوکاری سیای ئەمەریکی هێرشیان کردە سەر جیفاراو هاوڕێکانی , کە ژمارەیان تەنها **16** گەریلا بوو, پاش **6** سەعات شەڕ ی قورس جیفارا بە برینداری بە دیل گیرا و پاشان شەهیدییان کرد .

ماریلۆس ئەوکات تەنها **7** ساڵ بوو , بەهۆی هەژارییەوە لە خوێندن دەرکرا , ئەو منالە هەژارە دوای **39** ساڵ خەونەکەی جیفارا دەگەیەنێت بە ئەنجام .

## کورتەیەکی مێژویی لەسەر پۆلیڤیا

ناوی پۆلیڤیا بەناوی سیمۆن بۆلیڤوار (**1738-1830**) هوە ناو نراوە , کە زۆر لە وولاتانی ئەمەریکای لاتینی ڕزگار کرد لە داگیرکاری (کۆلۆمبیا, فەنزویلا, پیرۆ, پۆلیڤیا) , پۆلیڤار ئەو ناوەیە بێ سڵەمینەوە چەپەکانی فەنزویلا ناوی ئەوییان لە خۆ ناوە و شانازی پێوە دەکەن , خەونەکانی سیمۆن بۆلیڤوار لە دادپەروەری و ڕزگاری و یەکخستنی ئەمەریکای لاتین تا ئەمرۆ بە زیندویی ماوەتەوە .

ئەم ولاتە چۆن ئێستا بە ولاتی ڕاونانی سەرۆك بەناو بانگە , لە ڕابردووشدا وولاتی کودەتا سەربازییەکان بوو , لە ماوەی **162** ساڵدا **1189** کودەتای سەربازی یاخود هەوڵی کودەتای بەخۆوە بینییوە , بۆیە بەردەوام لە ناجێگیری سیاسییدا بووە , هۆکاری ئەوەش ئەو هەژاری و پاوانکردنی دەسەلات بووە لە لایەن کەمایەتی سپی پێستەکانەوە .

ساڵی **1943** خاوەند کورەکان سوپایان بانگ کرد بۆ لێدانی کرێکارانی قەسدیر کە مانییان گرتبوو , لە قەسابخانەیەکدا سەدانییان لێ کوشتن .

بزووتنەوەی نەتەوەیی شۆڕشگێڕ کەلایەنگری لە کرێکاران و هندییەکان دەکرد کودەتایان کرد بەسەردا , کە لە بەرنامەیاندابوو ژییانی کرێکاران باش بکەن .

پۆلیڤییا پێشەنگی شەپۆلە شۆڕشگێڕییەکان بوو لە ئەمەریکای لاتین , لە ساڵی **1952** کورەکانی بەرهەم هێنانی قەسدیر خۆماڵی کرا , لە سەرەتای ئەبریلی **1952** شۆڕشی کرێکاری لە پۆلیڤییا هەڵگیرسا , یەکێتی کرێکاران چەند مانگ دەسەلاتداربوون , دوایی ئەوجارەش خەڵتانی خوێنکرا .

خەباتی سانديکايی و خەباتی هندییەکان (سی ئۆ بی) , **5** ساڵی خایاند تا بە تەواوی سەرکوتکرا .

بۆلیڤیا لە **10-10-1982** لە حکومەتی دیکتاتۆرییەت ڕزگاری بوو پاش **11** ساڵ دەسەلاتی سەربازی .

## دەیەوێت چی بکات ؟

موراليس دوای دەرچوونی وتی : سوپاس بۆ کوبا سەلماندی بۆ ئەمەریکای لاتینی , چۆن گەلێك بە سەربەرزی بژێت ( **21-12-2005 - شرق الاوسط** ) , هەروەها داوای هەڵگرتنی ئابلوقەی ئابوری کرد لەسەر کوبا ,

یەکەم شوێنیش مۆرالیس دوای دەرچونی لە هەڵبژاردنەکان کوبا بوو , پێش ئەوەی سوێندی یاسایی بۆ سەرۆکایەتی بخوات , کاسترۆ فەرشی سووری بۆ ڕاخست .

هەردوولا لەسەر ئەوە ڕێك کەوتن ساڵانە هاڤانا **5000** پزیشکی پۆلیڤی ڕابهێنێت , هەروا ساڵانە **50000** پۆلیڤی لە نەخۆشخانەکانی چارەسەر بکات ( **جزيرة نيَت 1-1-2005 – رئيس بوليفيا ....** ) .

کوبا ساڵانە **50000** هاووڵاتی ئەمەریکای لاتین بە خەرجی فەنزویلا چارەسەر دەکات ( **31-12-2005 جةزيرة نيَت – كاسترو يتعهد بتقديم الدعم ....** ) .

**500** ساڵ **10**٪ دانیشتووان دەسەڵاتدار بوونە لەم وڵاتە , هەرچەندە دانیشتوانە ڕەسەنەکە لە نێوان **60–70**ی دانیشتووانی بۆلیفیان , بەڵام لە پەراوێزیدا دەژیان , بۆیە مۆرالیس هەوڵ دەدات دەستوورێکی نوێ پەسەند بکات بۆ وڵات , بۆ ئەوەی جارێکی دیکە سەر لە نوێ بۆلیڤیا لەسەر بنچینەی یەکسانی هاووڵاتیان بنیات بنرێتەوە , ئەو دەیەوێت مافی دانیشتووانە ڕەسەنەکە بگەڕێنێتەوە بۆیان .

سەرمایەداری تەنها هەژاری بۆ دانیشتوانە ڕەسەنەکە هێنا , بۆیە دانیشتووانە ڕەسەنەکە دەڵێن : بازاڕی هاوبەش سپیی پێستەکانی دەوڵەمەندتر کرد ( سی نیوس وۆرد (ئینگلیزی) **20 – 12 – 2005** – ئینگلیزی زمان ) .

مۆرالیس وتی : دادوەر و ئەفسەری پایە بەرزی دانیشتووانە ڕەسەنەکان لە پۆلیڤیا نییە ( جەزیرە نێت **29–12–2005** ) , کەواتە ئەمە ئاپارتایدە **5** سەدەیە لە پۆلیفیا پیادە دەکرێت , لێرەو مۆرالیس چەند ڕۆڵێك دەگێڕێت :

—ماندێلایە دژ بە ئاپارتاید .

—جیفارایە دژ بەچەوساندنەوە .

—ئاشتیخوازە وەك غاندی .

—یەکسانی خوازە وەك کۆمۆنارەکان .

لە هەموو ئەم تایبەتمەندییانەوە , مۆرالیس وەك کەسایەتی سادەو ئازادی خوازی سەدەی **21** لە دایك دەبێت .

---

هەرچەندە ساڵانە **200** ملیۆن دۆلار یارمەتی بە بۆلیڤیا دەدرێت لە لایەن ئەمەریکاوە , ئەگەری بڕانی هەیە دوای دەرچوونی مۆرالیس , بەڵام نە گەلی پۆلیفیا ترسیان لە وشك بوونی ئەو سەرچاوەیە هەیە , نەمۆرالیسیش لە سیناریۆی شیلی ترسی هەیە .

بڕیار وایە پەیمان نامەکانی وزە هەموو هەڵبوەشێنێتەوە لەگەڵ دەرەوە, چونکە بە بڕوای ئەوان ئەو کۆنتراکتانە لە بەرژەوەندی کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکاندایا , لەو کاتەی کۆنتراکت لەسەر **18** دۆلار کراوە بۆ بەرمیلی نەوت , بەڵام ئێستا نرخی **60** دۆلارە ( **21–12** شینخوا ) .

یەکەم هەنگاوی مۆرالیس خۆماڵیکردنی سەرچاوەی نەوت و کان و گازەکانە , 54 ترلیۆن گازی یەدەکی هەیە , دووەم وڵاتە لەم بوارە لە ئەمەریکای لاتین . لە بواری بەرهەم هێنانی پۆلیفیا کۆکا سێیەم بەرهەم هێنەرییەتی لە جیهاندا .
جیاوازی هەژاران و دەوڵەمەندان لە بۆلیفیا زۆر زۆرە , بۆیە بەرنامەی ئابوری سیاسییەکەی لە خزمەت هەژارانە , دەیەوێت ئەم جیوازییە کەم بکاتەوە , هەرچەندە ڕێژەی خوێندەواری بەرزە 87٪ , بەڵام بەرنامەی ڕیشەکێشکردنی دارشتووە .
لە پاڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا , سەرمایەدارەکانی ساناکروسیش لە پۆلیفیا هەنگاو دەنێن بۆ جیابونەوە , نایانەوێت پار و لەگەڵ خەڵکە ڕەسەنەکە بەش بکەن , ئەوەی لەسەر بنچینەی ئاپارتاید کۆیان کردۆتەوە , نایانەوێت داینێنەوە . سەرکەوتنی مۆرالیس پەیوەستە بە بەرنامەیەکی ژیرانەی ئابورییەوە .

## سندوقی دراوی جیهانی و دیارییەکانی بۆ هەژارانی بۆلیفیا

ساڵی 1985 سەرۆك ڤیکتۆر باز ئستنسورو لە بزووتنەوەی نیشتمانی شۆڕشگێڕ بڕیاری ژمارە 21060ی دەرکرد , بەو بەیانە دەرگای وولاتی خستە سەر گازی پشت بۆ ئابوری بازاڕ , ئەمەش زەنگی پیادەکردنی نەخشە نیو لیبراڵییەکان بوو لە بواری ئابورییدا , یەکەم دیاری ئەو بڕیارە بۆ خەڵکی پۆلیڤییا دەرکردن و بێکارکردنی 25000 کرێکاری قەسدیر بوو .
یەکێك لە سەرکەوتنەکانی بانکی جیهانی و سندوقی دراوی جیهانی کە بە شانازییەوە تا ئێستا باسی لێوە دەکەن و بە سەرکەوتنی دەزانن بۆ دەزگاکەیان , ڕزگارکردنی پۆلیڤییا بوو لە قەیرانی ئابوری ساڵی 1985 . لە ڕێگەی کەمکردنەوەی کاربردی کۆمەڵ ئەمەش وەك نموونەیەك سەرکەوتوو بە وولاتانی خۆرهەڵاتی ئاوروپا ناسێنرا , تا ئەزموونی لی ٚوەربگرن و کاری لەسەر بکەن . لەو چاکسازییەدا کۆمپانییای کانەکان فرۆشران , بێکاری زیادیکرد , هەقدەستی کرێکاران دابەزی , ئابوری پوکایەوە , جیاوازی چینایەتی چووە سەر , کرێی ئاوو چووە سەر , خزمەتگوزاری دابەزی , پشتگیری لە پێداویستییەکان نەما .
لەگەڵ زۆربوونی دوکانی ئارایشت وئۆتۆمۆبێلی مۆدێل باڵا لە شەقامەکاندا , سواڵکەرەکانی سەر شەقامەکانیش زیادبیان کرد , داهاتی تاك دابەزی بۆ سیٚ یەکی ساڵی 1980 , ئەو هەژارییە بوو ئێستاش کە باسی ئەو دەزگا نێو دەوڵەتییانە دەکرێت هەژارانی پۆلیڤییا هێڵنجبیان پێی دێتەوە , لە تاوا دەڕشێنەوە .
لە نەوەدەکان بە تایبەتیکردن کەرتەکانی نەوت و گازیشی گرتەوە , بەمەش دەرگا بۆ درینی ئەم دوو کەرتە گرنگەی ئابوریش خرایە سەر پشت . تایبەتیکرن هەر بە نەوت و گازەوە نەوەستا بگرە ئاوی خواردنەوەشی گرتەوە . لە سەرەتای نەوەتەکان سندوقی دراوی جیهانی بە تایبەتیکردنی کەرتی تایبەتی

سەپاند بەسەر دەسەلاَتداراندا , لە ئەنجامدا سەدان خۆپیشاندان سازکرا , پاش ئەوەی هەژاران خواردنەوەی ئاویشییان لیَ گرانکرا و نەیانتوانی کرێی ئاو بدەن , بەهۆی زیادکردنی **20**دۆلارەوە , کە پێنج یەکی داهاتی تاك بوو , بەمەش جگە لە برسێتی , ئابوری لیبرالَی تێنوییەتیشی بۆ هەژارانی پۆلیڤییا بەدیاری هێنا . بە ووتەی وەزیری ئەشغالی پۆلیڤی **40000** خێزان لە لاباز ناتوانن کەلَك لە ئاو وەرگرن بەهۆی هەژارییەوە , ئەمە ووتەی شایەدحالَەکانی تێنوییەتی نییە , بەلَکە قسەی کەسێکە لە زوەکەوە لەبەر خواردنەوەی مەشروبات بەکارهێنانی ئاوی تەرك کردووە .

لە ڕاپرسییەکدا کە لە مانگی یۆلی سالَی **2004** دا ئەنجامدرا , ڕێژەی **84,64**٪ ی خەلَك لەگەلَ چاکسازی یاسای سوتەمەنی بوون , **92,2**٪ لەگەلَ خۆمالَی کردنی سوتەمەنی بوون , واتە دژ بەو بڕیارانەی **39** سالَ پێشتر بڕیاری لەسەر درا , لە ئەمەریکای لاتین بە شێوەی گشتی ئاراستەی جەماوەر دژ بە ئابوری بازاڕی ئازاد و هەنگاوە لیبرالَییەکانە لە بواری ئابوری .

لە بەرواری **11-1-2005** کۆمپانییای سوی –لونیزی ئاو بەهۆی ناڕەزایەتی جەماوەری تێنوەوە لە وولاَت دەرکرا , کە لە بەرواری **1997** ەوە لە پۆلیڤییا کارییان دەکرد لە شاری لاباز , نرخی بەشداریکردنی ئاوی لە هەندێك ناوچە **600**٪ بەرز کردبوەوە .

لە ئەبریلی **2004**دا , لە کوشابامبییا لە ئەنجامی ئەو ناڕەزایەتییانەی بزووتنەوەی بەرهەم هێنەرانی کۆکا ئەنجامییان دا ,کۆمپانییای بتشلی ئەمەریکی دەرکرا , لەوکاتەدا سەرۆکی لیژنەی ئاو ئۆسکار ئۆلیفەرا ووتی : بزووتنەوەی کۆمەلاَیەتی لە هەژارترین وولاَتدا سەرکەوتنێکی مەزنی بەسەر سستەمی جیهانگیرییدا داسەپاند , ئەمە سەرەتایەکی گرنگ بوو بۆ خەباتی جەماوەری لە ئاستی جیهانییدا . ئاخر چۆن دژی نەوەستنەوە چاکسازییە ئابورییەکان جگە لە برسێتی و هەژاری هیچی بە دیاری بۆیان نەهێناوە . داهاتی تاك لە **25** سالَی ڕابردوودا لە **940** دۆلارەوە گەیشتۆتە **960** دۆلار , کەچی هەلَئاوسان بەردەوام لە بەرز بونەوەیە , خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە نەمانە . **58,6**٪ی خەلَك بە گوێرەی **INF** لە ژێر هێلَی هەژارییەوەیەن , بە تایبەت لادێنشینەکان نزیك بە تەواوییان لەژێر هەژاریەوە دەژێن .

## باری ئابوری و پێکهاتەی دانیشتوانی پۆلیڤیا

ڕوبەری پۆلیڤییا **1,098,850** کم2 یە , بەشی زۆری خاکەکەی شاخاوییەو بەکەلَکی کشت و کالَ نایات , زەوی کشت و کالَی تەنها **2,67**٪ خاکی وولاَتە . ئەو خاکە بەرینە ناتوانێت خۆراکی دانیشتوانەکەی کە تەنها **8,857,870** ملیۆنە دابین بکات و ئاسایشی خۆراك مسۆگەر بکات , نەبوونی ئاسایشی خۆراك هەمووکات سەروەری نیشتمانیش دەخاتە ژێر پرسیارەوە .

هیندییە سورەکان نزیك **60**٪ دانیشتوانی وولاَت دیاری دەکەن , ئەمەش بەرزترین پلەیە بۆ بوونی دانیشتوانی ڕەسەن لە هەمووکیشوەری ئەمەریکای لاتین .

کۆتیشۆ **30**٪ , میتسۆزو(ئەمیرندییان و سپی)**30**٪ , شەمار **25**٪ و سپی **15**٪ , هەروەها هەموو دانیشتوان لە ڕوی ئاینییەوە کریستانن , کاسۆلیك **95**٪ و پرۆتستان**5**٪ ی وولاَت پێك دەهێنن .

کشت و کاڵ 13٪ و پیشەسازی 28٪ و خزمەتگوزاری 59٪ ئابوری وولات دیاری دەکەن . بەرهەمی نەتەوەیی وولات بەگوێرەی هێزی کڕینەوە 22,33 ملیار دۆلارە , بەلام بە دۆلار تەنها 8,024 ملیار دۆلارە , 97ەمین وولاتە لە جیهاندا .

پۆلیڤییا یەکێکە لەو وولاتانەی ژێر باری قورسی قەرزارییەوەیەو گرانە لێی بە سانایی ڕزگار بێت , بەلام چاوەڕوان دەکرێت بەهۆی بڕیاری وولاتانی جی8ەوە ئەویش یەکێك بێت لەو 18 وولاتەی لە بەشێك قەرزەکانی خۆش بن , قەبارەی قەرزەکەی 5,439 ملیار دۆلارە , ئەمەش لەچاو کۆی بەرهەمی نەتەوەیی وولاتەوە کە نزیك 70٪ ە زۆر بەرزە , 30٪ ناردەی وولات بۆ دانەوەی قەرزە .

ساڵی 2004 گەشەی بەرهەمی نەتەوەیی 3,7٪ بوو , ئەم ئاستەش بۆ ڕزگار بوون لە قەرزاری و هەژاری زۆر لە خوارە , دیارە بەهۆی تەنگ بونەوەی کێشە سیاسییەکانەوە ئەمساڵ شانسی گەشەکردنی زیاتر نییە بۆ ئابوری ئەم وولاتە , ئەگەر نەپوکێتەوە .

64٪ دانیشتوانی پۆلیڤییا بە گوێرەی ئامارەکانی سیای ئەمەریکی لە خوار هێڵی هەژاریەوەن (2004) . 10٪ هەژارترین 1,3٪ داهاتی وولات بە دەستیانەوەیە , 10٪ دەوڵەمەندترین 32٪ داهاتی وولات بە دەستیانەوەیە (1999) , ئێستا ئەم جیاوازییە بەرزتر بۆتەوە . پۆلیڤییا لە دوای هایتییەوە دێت لە هەژاریيا لەهەموو ئەمەریکای لاتین , هەرچەندە دووەم یەدەکی گازیشی هەیە لە هەموو کیشوەرەکە , لە دوای فەنزویلا دێت . پۆلیڤییاو ئیکوادۆر زیاتر لە 50٪ خەڵکەکەی هەژارن , لە پۆلیڤییا هەژاری لە نێوان هندییەکان 75٪ و لە ئیکوادۆر 87-96٪ .لە ساڵی 1998 دا پۆلیڤییا 114 ەهەمین وولات بوو لە کۆی 174 وولات لە بواری گەشەی مرۆیی , بەمەش لە وولاتە ئاست نزمەکانی گەشەی مرۆیی پۆلێن دەکرا .

هاوولاتییانی ناوچەکانی ڕۆژهەلات و باشور ئیسپانی زمانن , خەڵکەکەی دەوڵەمەندترن لە ناوچەکانی باکور و خۆرئاوای وولات , هێزە ڕاستڕەوەکان لەم ناوچانە چالاکن , داوای ئۆتۆنۆمییەکی بەرفراوان دەکەن بۆ ناوچەکەیان , بە پێچەوانەی هەژارانی باکور و ڕۆژئاوای وولات ئەمان داوای زیاتر بۆ بازاڕی ئازاد و سەرمایەگوزاری بێگانە دەکەن .

بێکاری لە شارەکان بە فەرمی 9,2٪ ە, بەلام زۆربەی جوتیاران بێکارن , کە 3,5 ملیۆن جوتیار لە پۆلیڤییا هەیە , هێزی کار بە گشتی 3,8 ملیۆنە (2002) .

بەرهەمی کۆکا و کۆکایین نزیك بە نیوەی بەرهەمی نەتەوەیی پۆلیڤییا دیاری دەکات , داهاتەکەی زۆری لە بازاڕەکانی ئەمەریکادا سەرمایەگوزاری دەکرێت لە بری ئەوەی بگەڕێتە بۆ پۆلیڤییا , دوو لەسەر سێی ناردەی فەنزویلا لە کۆکاوەیە , 20٪ ی هێزی کاری پۆلیڤییا لە بەرهەم هێنانی کۆکاو بازرگانیی بە کۆکاوە کار دەکەن .

نرخی قەسدیر لە بازاڕەکانی جیهان کە دابەزی جوتیاران کۆکایان بەرهەم هێنا . گرنگی دان بە بەرهەم هێنانی کۆکا بووە هۆی بەرز بوونەوەی نرخی زەوی , وە کەمبونەوەی بەرهەم هێنانی خۆراك , جوتیاران لە جیاتی بەرهەم هێنانی خۆراك کۆکایان بەرهەم دەهێنا , لە سەرەتاوە قازانجی زیاتر بوو , ئەمەش ئەنجامەکەی بە برسێتی گەیشت , تا بەوە گەیشت پۆلیڤییا سێ یەکی پێداویستی خۆراکی دانیشتوانەکەی لەدەرەوە بکرێت .

ئابوری پۆلیڤییا بە تەواوی بە ئابوری وولاتەکانی دەوروبەرییەوە بەستراوەتەوە , دیارە نەبوونی دەروازەی ئاو کێشەی گەورەی بۆ ئەم وولاتە دروست کردووە لە بواری بازرگانیدا .

ناردەی پۆلیڤییا بایی **1,986** ملیار دۆلار بووە لە سالی **2004** , **35,7**٪ بۆ بەرازیل , **13,3**٪ بۆ فەنزویلا , **12,4**٪ بۆ کۆلۆمبیا, **5,3**٪ بۆ پیرۆ بووە .

هەرچی هاوردەیە لەهەمان سالدا بایی **1,595** ملیار دۆلار بووە , **25,9**٪ لە بەرازیلەوە , **17,4**٪ لە ئەرجەنتیەوە ,**13,1**٪ لە ئەمەریکاوە , **10,1**٪ لە شیلییەوە , **6,4**٪ لە پیرۆوەیە , زیدەی بازرگانی **391** ملیۆن دۆلار بووە لە پار سالدا , ئەوەش بۆ دانی قازانجی قەرزەکانی چاکسازییەکانی سندووقی دراوی جیهان بەکار دەهێنرێت , هێشتا بەش ناکات و سال بە سال بڕی قەرزەکان زیادە کات .

## پالێوراوی هەژاران

لە سایەی بڕیاری چارەسەری (صدمە) ی نیولیبرالی لە بواری ئابووری , کە بۆ یەکەمجار لە سالی **1985** لە بۆلیفیا تاقیکرایەوە , دواجار سەری پۆلۆنیای بەقوڕا بردە خواری . ئێستا هەلوەشاندنەوەی ئەو بڕیارە کە **21** سالە جگە لە هەژاری هیچ خێرێکی دیکەی بۆ بۆلیفیا نەبووە , چۆتە ناو پڕۆژەی کاری ڕۆژی مۆرالیسەوە , ئەمەش دەبێتە بزمارێکی گەورە بە تابووتی مەرگی ئەو پڕۆژەیەوە دەنرێت .

هەلوەشاندنەوەی بڕیاری ئابوری سالی **1985** یەکێکە لە ئەرکەکانی **( بي بي سي- 28 - 12 - 2005 ) .**

گەلی پۆلیڤی لە سالی **2000** سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەست هێنا , بەسەر یاسای تایبەتی کردنی کەرتی ئاو لە کاتشایامبا **( بوليفيا – المعارظة تطرد الرئيس - خالد فيشاوي - 23- 6 - 2005 ) .**

ئەو سەرکەوتنە بووە سەرەتای سەرکەوتنەکانی یۆنی ئەمسال , کە هەندێك لە چەپە توندڕەوە هەرزەکارەکان دەیانەویست ڕاپەڕین بە ڕەوتێکدا بەرن لەم سەرکەوتنەی دوور بخەنەوە .

جەماوەری بۆلیفیا سێ بەشن :

—ناوەنجی و دەولەمەندەکان .

—ئەوانەی لە دواکەوتوی سەدەکانی ناوەڕاستدا دەژێن .

—یاخی بووەکان لە دەسەلات و هەلگرانی بیری مارکسیزم **( بوليفيا بلد الانقلابات - نهي احمد - 23-6-2005).**

لە دوای دەرچوونی , هەلوێستی خۆی لە بەرامبەر چینە کۆمەلایەتییەکان یەکلاکردەوە و وتی : من پالێوراوی هەژارانم . بۆیە چاوەڕوان دەکەین هەموو بڕیارەکانی لە خزمەت دەنگدەرەکانیدا بێت .

# سەرکردەیەکی ئازا , مرۆڤێکی سادە , هاژار دۆستێکی ڕاستگۆ

تاکو ئەم چرکە ساتە , چاودێرانی سیاسی ڕاستگۆیی و سادەیی لە مۆرالیسدا دەخوێننەوە , ئەو پێی دەچێت دوو کولتوری چەپ تێکەڵ بە یەك بکات , ئازایەتی جیفارا , ئازادی خوازی کۆمۆنارەکان .

**6** برای هەیە , بەهۆی هەژاری قوتابخانەی بەجێ هێشت و تەواوی نەکرد , ژیان ڕاپێچی کرێکاری کرد (**جيفارا عادة افتحوا ابواب - سلام صادق**), هەر بۆیە ئێستا یەکەم پرۆژەی قەڵاچوکردنی نەخوێندەوارییە لە وڵاتێکدا **87**٪ خوێندەوارە .

کرێکاری خانەسازی , کشتیاری کۆکا , نان فرۆشی , مۆسیقاری کردووە ( **جزيرة نيت 28-12 - 2005** ) . لە کرێکارییەوە بۆ سەرکردەی سانديکايی لەوێوە بوو بە سەرکردەی سیاسی هەنگاوی نا ( **بول الاشقر - 19-12 حيات** ).

مۆرالیس لە ژورێکی کرێ لە گەڵ کۆمەڵێك ماڵی دیکە لەیەك حەوشدا دەژێت ( سی ئێن ئێن – **28-12 – 2005** – موراليس يتنازل عن ..... ) . ژیانی سادەو ساکارە بە پێچەوانە چەپە ورگ زلە بۆینباخ لە ملەکان , یەکەم سەرۆکە بۆینباخ و قات لەبەر ناکات **(جيفارا عادة افتحوا ابواب - سلام صادق )** .

لە قوتابخانەی گوندێکی ناوچەی بەرهەم هێنەری کۆکا دەنگی دا بە ناوی چەپەری ( **The Buffalo News**) , بە بڕوای من دەبوایا لەو گوندەی جیفارا تێدا گیانی بەخت کرد فیشەکی بەزەیی بنایا بە سستەمی زاڵمانەی ئابوری نیولیبراڵی لە ئەمەریکای لاتین , تاکو پەیوەندییەك لە نێوان هەردوو تێکۆشان دروستبکات , سەرکەوتنەکەی ئێستای ببەستێتەوە بە کولتوری شۆڕشگێرانەی جیفارا .

لە ڕابردوودا مۆرالیس گۆڕەپانی تێکۆشان دژ بە جیهانگیری و نیولیبراڵی ناسیوەتی , بۆیە بۆ چالاکڤانانی سیاسی دەموچاوێکی نەناسراو نییە , ئەو وەك لۆلای بەرازیلی لە جادەوە هاتووە .

ساڵی **1997** ئەمەریکا نەیهێشت بچێتە پەرلەمانەوە , بە بەهانەی تیرۆرستی مادەی بێهۆشکەرەوە , بەڵام لە ڕاستیدا هۆکاری سیاسی لە پشت ئەم بڕیارەوە بوو , ئەویش باوەڕە سیاسییەکەیەتی .

گرنگ شۆڕشە نەك قسە کردن , ئەمە وتەی مۆرالیسە , لێرەوە هەنگاوی نا , کە گەیشت بە دەسەڵات , بڕیاری یەکەمی ئەوەبوو , سەرۆکی پۆلیڤیا مانگانەی خۆی کەمدەکاتەوە بۆ نیوە , لە **3600** دۆلارەوە , بۆ **1800** دۆلار , لە گەڵیدا مانگانەی وەزیر و بەرپرسەکانیشی کرد بە نیوەوە , هەروەها هەر پەرلەمانتارێك لە کۆبونەوەکان بەشدار نەبێت مانگانەکەی دەبڕێت ( **جزيرة نيت 28-12 - 2005** ) .

**8** کەس پاڵێوراو بوون بۆ سەرکایەتی , لە ناویاندا ململانێ لە نێوان سەرۆك کۆماری پێشوو و مۆرالیس توند بوو , کۆنە سەرۆك دەرچوی زانکۆی هارفاردە , مۆرالیسیش دەرچووی کرێکاری , بەڵام مۆرالیس دوو ئەوەندەی ئەو دەنگی هێنایەوە , جەماوەر تێریان لەقسەی زلی بێ مانا خواردووە .

له حکومەتەکەی مۆرالیۆس کۆنە گەریلاکان بەشدارن , جێگیرەکەی ئەلفارۆ لینیرا لێکۆڵەری کۆمەڵایەتی , مامۆستای ماتماتیك , عەقڵی چەپەکان و سەرکرەی خەباتی چەکداری لە سەرەتای نەوەدەکانە لە بۆلیڤیا , کەواتە حکومەت بۆ هەژاران لەناو لەپێکی ئەمینە , دۆست و ئازادی خواز .

## مۆرالیس بردییەوە

بۆلیفیا ساڵی **1825** رزگاری بوو لە ئیسپانیا , دانیشتوانە رەسەنەکەی لە ساڵی **1952** هەڵبژاردنیان بردەوە **www.nytmies.com** بەڵام بە کودەتا کۆتایی هات , **23** ساڵە دیموکراتییەت گەڕاوەتەوە پۆلیفیا (**www.sltrib.com** .

لە ساڵی **1825** ەوە لە بۆلیڤیا **200** کودەتا و هەوڵی کودەتای تێدا ئەنجامدراوە , لە نێوان ساڵانی **1964– 1989** شانزە سەرۆك دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست لەم ولاتە , **13**ە یان ژەنەراڵی سەربازی بوونە **( ثورات بوليفيا – مجدي الجزولي - الحوار المتمدن - 1412 2005-12-27 )** .

هەڵبژاردنی ئەمجارە کۆتایی بە **2** ساڵ ململانێی لەسەر دەسەڵات هێنا . لە راپەڕینی یۆنی **2005** , **3** سەرۆك بە یەك رۆژ گۆردران , ئەمەریکا کاسترۆ و شافیزی بە هاندانی جەماوەر لە بۆلیڤیا تاوانبار کرد **( اهرام 43293 تاريخ 2005-6-18 )** . بەهۆی راپەڕینی یۆنۆی رابردووەوە , گەشەی ئابوری لە **4,5**٪ دابەزی بۆ **3,6**٪ ( شینخوا **2005–6–14** ) .

بۆلیفیا لە ساڵانی **1982–1984** یەکێتی دیموکراتی گەل تیایدا دەسەڵاتی گرتە دەست , کە بۆ ماوەی **2** ساڵ کۆمۆنیستەکان بەشدار بوون لە دەسەڵات **( امريكا لاتينية - جورج فورنال - ترجمة لطيفة )** .

هەندێك لە ئەفسەرەکان پێش پرۆسەی دەنگدانی ئەمجارە , رۆکێتی دروستکراوی چینیان دزی بۆ ئەمەریکایان برد , وەك خۆ ئامادەکردنێك بۆ دژایەتی کردنی دەرچونی مۆرالیس لە هەڵبژاردنەکان ( **بول الاشقر - 19-12 حيات** ).

رۆژئاوا بە هەموو چەشنێك دژایەتی دەرچوونی مۆرالیسیان کرد , لە راپرسییەکاندا شانسی کەمیان دەدا پێی , هەرەشەیان دەکرد . راپرسییەکان لە ساڵی **2002** تەنها **8**٪ دەنگەکانیان دەدا بە مۆرالیس , بەڵام دواجار نزیك بە **21** ٪ هێنایەوە , لە ساڵی **1985** ەوە ئەمە **5** مم هەڵبژاردنە ئەنجام دەدرێت لەم ولاتە .

ئەمساڵ **36–37**٪ یان پێ دەدات , بەڵام **54**٪ زیاتری هێنایەوە , ئەگەر فێڵکردن نەبوایا لە ناونوس نەکردن و کەم هێنانی کارتی دەنگدان , ئەوا رێژەی دەنگەکانی دەگەیشتە **60**٪ ( **جزيرة نيَت 29-12-2005** ) .

لە پەرلەمانیش ژمارەی کورسییەکانی لە **27** کورسییەوە گەیشتە **78** کورسی , لە فەرمانداراانی هەرێمەکانیش پارتی بەرەو سۆسیالیزم (ماس) ژمارەیەك باش دەنگی هێنایەوە .

له پایتەختی ولات لاباز توانی 63,9٪ دەنگەکان بباتەوە , لە کۆشامابا 60,1٪ , بە شێوەی گشتی لە هەموو ناوچەکانی شۆڕش براوە بوو , تەنانەت لە سانت کرۆز بە پێگەی ڕاست دادەنرێت 30٪ی دەنگەکانی هێنایەوە , ئەمەش دەربڕی ئەوەیە لەو ناوچانەش ململانێی چینایەتی بەهێزە , تەنها دەنگی دانیشتوانە ڕەسەنەکەی بەدەست نەهێناوە . لە شاری کرێکاری ئال ئالتۆ پالێوراوی ماس توانی 70,9٪ دەنگەکان بهێنێتەوە , ئەم ئەنجامەش لە مێژوی بۆلیفیا بێ وێنە بووە.

سەرکەوتنی مۆرالیس بەندە بەوەی چەندە وەلام بە داواکاری دەنگدەرەکانی دەداتەوە لە (( خۆمالیکردنی نەوت و گاز – دابەشکردنی زەوی– هەلوەشاندنەوەی چاکسازییە ئابورییە نیولیبرالییەکان – دەستووری نوێ)) .

دەنا چۆن جەماوەر پالێوراوی سەرمایەداران و ئەمەریکایان (توتو کیراغۆ)یان تێك شکاند , نۆرە دەگاتە مۆرالیسیش و بەهەمان دەردی دەبەن ( خورخی مارتان– الحوار المتمدن –1419- 3-1-2006 ).

## چەپەکان لە ئەمەریکای لاتین

دوای هەرەسی سستەمە دکتاتۆرەکان لە سالانی هەشتا لە ئەمەریکای لاتین , لایەنگرانی نیولیبرالی گەیشتن بە دەسەلات , لە سایەی ئەو سستەمانە هەژاران هەژارتر و دەولەمەندان دەولەمەندتر بوون , ئەمرۆ لایەنگری سستەمی بازاڕی ئازاد 50٪ کەمترە , لەو کیشوەرە جگە لە کاسکێتەکەی جیفاراو کاپیتالەکەی دەست قەشە کاسۆلیکە ڕزگاریخوازەکان شتێکی دیکە بەدی ناکرێت .

تەوژمی چەپی نوێ لە ئەمەریکای لاتین زیاتر فدراسیۆنێکی هاوپەیمانییەتییە لە نێوان ( کرێکاران , جوتیاران , ڕۆشنبیران ,کۆنە پارتیزانە چەپگەراکان ) , لە ڕوی ڕێکخستنەوە چەپی پۆپۆلیستن , کەمتر بەکاری تیۆریەوە خەریکن , ئەوان زیاتر لەناو خەلك دەبینرێن , نەك پەرتوکخانەو ناو بارەگا ساردوسڕەکان , قسەی زلیان بۆ ڕۆشنبیرە زۆر بلێکان بەجێ هێشتووە .

بزافی چەکداری زاپاتێستەکانی مەکسیك لە سالی 1994 , لە کاتی مۆرکردنی پەیماننامەی نافتا لە ئەمەریکای لاتینی , سەرەتایەك بوو بۆ بزووتنەوە جەماوەریەکان لە هەموو ئەمەریکای لاتینی , جوتیارانی بێ زەوی بەرازیل و جوتیارانی کۆکای بۆلیفیاو ... . لە سالانی ڕابردوو بە خەباتی جەماوەری 11 سەرۆك لە ئەمەریکای لاتین لە دەسەلات دەرکران **( ثورات بوليفيا - مجدي الجزولي - الحوار المتمدن - 1412 27-12 -2005 ) .**

مارکۆس لە مەکسیك شۆڕشی دانیشتووانە ڕەسەنەکەی ئەمەریکای لاتینی بەرەو چەپ وەر چەرخاند , سەرەتاو دەستپێکی شۆڕشە پۆپۆلستییە چەپگەراکان بوو لە سەرتاپای ئەمەریکای لاتین , ئەم ڕاپەڕینانە ئەوەندە دادپەروەر خوازن , دوژمنەکانیشیان ناتوانن ڕێزیان نەگرن .

دەیانوت هەلبژاردن لە ئەمەریکای لاتین ئەنجامبدرێت مارکسییەکان دەیبەنەوە , دوای تێك شکانی بلۆکی چەپیش هەروا دەرچوو , ئەمەریکا ئەم ولاتانەی بە باخچەی بەر دەرگای خۆی دانابوو , کەچی ئێستا لێی یاخی دەبنەوە ,پرۆژەی نافتا هەرەس پێ دەهێنن .

ئێستا چین شەریکی یەکەمی بازرگانی ئەمەریکای لاتینە , نەك وڵاتانی رۆژئاوا . چەپی ئەمەریکای لاتین لە داهاتوو کاریگەریان لەسەر  سیاسەتی  ناوخۆی ئەمەریکاش دەبێت , ئاخر ئەسپانی زمانەکان ژمارەیان بە ئەندازەی رەشەکانە لە ئەمەریکا , هەموو دەنگەکانیش یەکسانن بە یەك لە هەڵبژاردنەکان **(الشعبوية..... د.صالح عبدالرحمن - اتحاد 31-12 ) .**

ئێستا هەرسێ ئابوریە گەورەکەی ئەمەریکای لاتین ( بەرازیل – ئەرجەنتین – فەنزویلا ) بەدەست چەپەوەیە **www.nytmies.com** .

ساڵی **2006** بریار وایە **10** هەڵبژاردن لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین ئەنجام بدرێت ( **سفير - جوزيف سماحة - 22-12-2005 - الكرامة والسيادة** ) , لەو هەڵبژاردنانە چەپ لە پیرۆ و غیانا و مەکسیك و نیکاراگو ئەگەری بردنەوەیان مسۆگەرە , یان زۆرە ( **سي ئێن ئێن - 28-12 - 2005 - موراليس يتنازل عن ..... ) .**

لە شیلی خاتوو میشیل باشیتی چەپرەو دەرچوونی مسۆگەرە , پارێزگاری مەکسیکۆ سیتی مانۆیل لۆبیز پالێوراوێکی بەهێزە لە مەکسیك ( اهرام **1-1-2005** عدد **43490** ) , دەرچوونی چەپ لە مەکسیك پارسەنگی هێزەکان لە ناوچەکە بە قازانجی چەپ دەگۆرێت .

فازکۆسی کۆنە گەریلای تۆبامارۆسی  لە ئۆرۆگوای گەیشت بە دەسەلآت .

هەرچەندە بەشێك لە چەپەکان دژ بە هەڵبژاردنن , ئەمانەش پێچەوانەی بەرژەوەندی چەپ مامەڵە دەکەن , بەلآم دەتوانین بڵێین ئەمەریکای لاتین کانگای چەپ و کیشوەری جیاواز یەکسانیخوازانە , کەواتا چەپ رەونەقی خۆی لە دەست نەداوە , خۆی نوێکردۆتەوە , بۆ کوێ دەرۆیت ئامادەن .






| Franja | Sigla | Nombre | Votos | Porcentaje |
| --- | --- | --- | --- | --- |

| | | | Obtenidos | |
|---|---|---|---|---|
| | UN | FRENTE DE UNIDAD NACIONAL | 218,787 | 7.809% |
| | FREPAB | FRENTE PATRIOTICO AGROPECUARIO DE BOLIVIA | 8,519 | 0.304% |
| | MIP | MOVIMIENTO INDIGENA PACHAKUTI | 60,993 | 2.177% |
| | NFR | NUEVA FUERZA REPUBLICANA | 19,016 | 0.679% |
| | MAS | MOVIMIENTO AL SOCIALISMO | 1,514,328 | 54.052% |
| | MNR | MOVIMIENTO NACIONALISTA REVOLUCIONARIO | 172,521 | 6.158% |
| | USTB | UNION SOCIAL DE LOS TRABAJADORES DE BOLIVIA | 7,044 | 0.251% |
| | PODEMOS | PODER DEMOCRATICO Y SOCIAL | 800,401 | 28.569% |
| | | Total Válidos | 2,801,609 | 100% |

(los porcentajes de votación, son calculados en función al total de votos válidos computados)

| Votos | Totales | Porcentaje |
|---|---|---|
| Válidos | 2,801,609 | 92.774% |
| Blanco | 116,897 | 3.871% |
| Nulo | 101,330 | 3.355% |
| Emitidos | 3,019,836 | 100% |

| | | |
|---|---|---|
| Total Inscritos Habilitados | 3,670,995 | |
| Votos Computados | 3,019,891 | |
| Participación Total | | 82.264% |
| Participación en las mesas computadas | | 84.656% |

## خشتەی سەرەوە ئەنجامی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی 2005

هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی 2002:

| **President: 30 june 2002 (71.9 %)** | **%** |
|---|---|
| **Gonzalo Sanchez de Lozada - Movimiento Nacionalista Revolucionario** | **22.5** |
| **Evo Morales - Movimiento al Socialismo** | **20.9** |

| | |
|---|---|
| **Manfred Reyes Villa - Nueva Fuerza Republicana** | **20.9** |
| **Jaime Paz Zamora - Movimiento Izquierda Revolucionaria** | **16.3** |
| **Felipe Quispe - Movimiento Indígena Pachakuti** | **6.1** |
| **Ronald MacLean - Alianza Democrática Nacionalista** | **3.4** |
| **Alberto Costa Obregon - Partido Libertad y Justicia** | **2.7** |

## هەڵبژاردنی پەرلەمان :

| Cámara de Diputados and Cámara de Senadores: 30 june 2002 (66.7 %) | | % | 130 | 27 |
|---|---|---|---|---|
| MNR-MBL | MNR-MBL | 26.9 | 36 | 11 |
| - Movimiento Nacionalista Revolucionario | MNR | | | |
| - Movimiento Bolivia Libre | MBL | | | |
| Nueva Fuerza Republicana | NFR | 26.5 | 25 | 2 |
| Movimiento Izquierda Revolucionaria | MIR | 19.8 | 26 | 5 |
| Movimiento al Socialismo | MAS | 11.9 | 27 | 8 |
| Unión Cívica Solidaridad | UCS | 5.3 | 5 | - |
| Alianza Democrática Nacionalista | ADN | 3.1 | 4 | 1 |
| Partido Libertad y Justicia | LJ | 2.7 | - | - |
| Movimiento Indígena Pachakuti | MIP | 2.2 | 6 | - |
| Partido Socialista | PS | 0.7 | 1 | - |

# ناوی پالێوارانی سەرۆکایەتی 2005

**Candidates in the race for president:**

- **Presidential candidate: Juan Evo MORALES AIMA**
  Party: Movement toward Socialism / *Movimiento al Socialismo (MAS)*
- **Presidential candidate: Jorge Tuto QUIROGA RAMIREZ**
  Party: *Poder Democrático y Social (PODEMOS)*
- **Presidential candidate: Samuel Jorge DORIA MEDINA AUZA**
  Party: National Unity Front / *Frente de Unidad Nacional (UN)*
- **Presidential candidate: Michiaki NAGATANI MORISHITA**
  Party: Revolutionary Nationalist Movement / *Movimiento Nacionalista Revolucionario (MNR)*
- **Presidential candidate: Eliceo RODRIGUEZ PARI**
  Party: Agrarian Patriotic Front of Bolivia / *Frente Patriótico Agropecuario de Bolivia (FREPAB)*
- **Presidential candidate: Felipe QUISPE HUANCA**
  Party: Indigenous Pachakuti Movement / *Movimiento Indígena Pachakuti (MIP)*
- **Presidential candidate: Gildo ANGULO CABRERA**
  Party: New Republican Force / *Nueva Fuerza Republicana (NFR)*

- **Presidential candidate: Nestor GARCIA ROJAS**
  Party: Workers' Social Union of Bolivia / *Union Social de los Trabajadores de Bolivia (USTB)*